# هەندێک سەرنج لەسەر چاوگی (نان)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

ئامادەییی (سلێمانی)ی کچان

سێشەممە (٢٠٢٣/٦/١٣)

**١/ (نان) چاوگێکی سادەی تێپەڕی ئەلفیی سێ پیتییە، قەدەکەی (نا) و ڕەگەکەشی (نێ)یە.**

**٢/ چاوگی (نا) بەتەنیا بەکارهێنانی کەمە، بەڵام هێشتا بەسادەیی لە هەندێک شوێن و لای هەندێک کەس بەکار دێت.**

**نم/ نەمامەکانم نا. واتە (نەمامەکانم ناشت.)**

**نم/ نەمامەکان دەنێم. واتە (نەمامەکان دەنێژم.)**

**نم/ نەمامەکان بنێ. واتە (نەمامەکان بنێژە.)**

**٣/ بەهۆی پێشگرە سادە و ناسادەکانی کارەوە دەتوانین چاوگی داڕێژراوی لێ دروست بکەین. وەک:**

**(هەڵنان، دانان، ڕانان، ڕۆنان، لێنان، تێنان، پێوەنان، لێکنان، تێکنان، ...)**

**نم/ هێمن)ی شاعیر دەڵێ:**

**کە بارگەت بۆ هەوار تێک نا عــەزیزم**
**شکا ئەستوندەگی تاولی مــــــــــرادم**

**نم/ ئێمە گوڵەکانمان لەسەر مێزەکە دانا.**

**٤/ بەهۆی پاشگری (ەوە)ی کارەوە دەتوانین چاوگی داڕێژراوی لێ دروست بکەین. وەک:**

**(نانەوە)**

**نم/ ڕاوچییەکە تەڵەکەی نایەوە.**

**نم/ ئافرەتەکە دۆینەکەی نایەوە.**

**نم/ ئەوان ئاژاوەکەیان نایەوە.**

مامۆستا (عبداللە عبدالقادر علی)

٥/ بەهۆی پێشگرە سادە و ناسادەکانی کار و پاشگری (ەوە)ی کار پێکەوە دەتوانین چاوگی دارِێژراوی لێ دروست بکەین. وەک:

(دانانەوە، لێنانەوە، ...)

نم/ کچەکە چێشتەکەی لێنایەوە.

٦/ بەهۆی تەنیا وشەیەکی سەربەخۆی واتادارەوە پێکەوە دەتوانین چاوگی لێکدراوی لێ دروست بکەین، لێرە چاوگە لێکدراوەکە تەنیا لە دوو کەرەستە پێک هاتووە. وەک:

(پاڵنان، ڕاونان، ناونان، بنیاتنان، وەلانان، ملنان، هەنگاونان، ...)

نم/ ئەوان منداڵەکەیان ناونا.

نم/ ئێمە ئەوانمان ڕاونا.

ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕا دەکێشێت ئەوەیە، کە لەم چاوگە لێکدراوانەی سەرەوە، کارەکان چونکە تێپەڕن، بکەر و بەرکار بەڕوونی وەر دەگرن، بەڵام هەردوو چاوگی لێکدراوی (ملنان، هەنگاونان) بەو جۆرەی ئەوان بەرکار وەرناگرن، ئەمە جێگەی پرسیارە، بۆچی؟ ئایا (ملنان، هەنگاونان) بوونەتە چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕ؟ یان چی؟

نم/ گەنجەکان ملیان نا بەرەو ئەورووپا.

نم/ گەنجەکان مل دەنێن بەرەو ئەورووپا.

نم/ ئێوە مل بنێن بەرەو ئەورووپا.

نم/ منداڵەکە بەخێرایی هەنگاوی نا.

نم/ منداڵەکە بەخێرایی هەنگاو دەنێت.

نم/ تۆ بەخێرایی هەنگاو بنێ.

ئەم دوو چاوگە لە ڕابردوودا، هەر جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم (م – مان) وەکو بکەر وەردەگرن، لەوانەیە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە چاوگی سادەی تێپەڕی (نان) بەشی دووەمی کارەکەیە.

مامۆستا (عبداللە عبدالقادر علی)

٧/ بەهۆی وشەیەکی سەربەخۆی واتادارەوە پێکەوە دەتوانین چاوگی لێکدراوی لێ دروست بکەین، لێرە چاوگە لێکدراوەکە تەنیا لە دوو کەرەستە پێک نەهاتووە، بەڵکو کەرەستەی تری لەگەڵە. وەک:

(بنیاتنانەوە، لەقوتوونان، لەگۆڕنان، لەقوڕنان، ...)

نم/ ئەو خواردنەکەی لەقوتوو نا.

نم/ من خەونەکەیم لەگۆڕ نا.

نم/ ئافرەتەکە خۆیی لەقوڕ نا.

نم/ ئافرەتەکە خۆی لەقوڕ دەنێت.

ئێرە بە گونجاو دەزانم، ئەو پرسیارە بکەم، ئایا لە زمانی کوردیدا (چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕ)مان هەیە، کە بەشی کارەکەی، کارێکی (تێپەڕ) بێت؟

با نموونەیەک بهێنمەوە:

چاوگی (کۆچی دواییکردن) و (ماڵئاواییکردن) دوو چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕن و بەشی کۆتاییان چاوگی سادەی تێپەڕی (کردن)ە.

نم/ شاعیرەکە کۆچی دوایی کرد.

نم/ شاعیرەکە کۆچی دوایی دەکات.

نم/ شاعیرەکان ماڵئاواییان کرد.

نم/ شاعیرەکان ماڵئاوایی دەکەن.

ئەم دوو چاوگەش لە ڕابردوودا، هەر جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم (م – مان) وەکو بکەر وەردەگرن، لەوانەیە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە چاوگی سادەی تێپەڕی (کردن) بەشی کۆتایی کارەکەیە.

کەواتە ئەگەر ئەمەی سەرەوە دروست بێت، بۆچی (ملنان، هەنگاونان)یش دوو چاوگی لێکدراوی تێنەپەڕ نەبن؟

ئەمانەی سەرەوە، ڕا و بۆچوونی منن، لەوانەیە هەڵەش بن.